# (فینۆمینۆلۆژیای "شوێن- کات" لە (قەسیدەی دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەس)دا"

حەمەی کەریمی



١١ی ئەیلولی ٢٠٢٥ وتار

" ئاگادارکردنەوەیەک لە دەروازەکانی جەهەننەمەوە بۆ ئەوانەی دێنە ژوورەوە"

بەیانییەی ژمارە 1

(ئێوە کە دێنە ژوورەوە، دەست لە هەموو هیوایەک بشۆن)

" کۆمێدیای دۆزەخ" دانتێ ئالیگیری

**پوختەی وتار**

هەر دوو دیاردەی "مەنفا و شـــوێن- کات" لە (قەســـیدەی دەربەندی پەپوولە)ی شـــێرکۆ بێکەســـدا لـە ڕووی پێکهاتـە و مـانـا و ڕوانین بۆ جیهـانی "بوون" ئـەزموونگـەلێکی جیاوازترن لە هەموو ئەو ئەزموونە شیعرییانەی تاکوو ئێستا لە ئەدەبی هاوچەرخی ئێمەدا بوونی هەبووە. شێرکۆ بێکەس لەم تێکستە شیعرییەدا هەوڵیداوە بە جیهانبینییەکی قووڵ و ئاگاییی دەروونییەوە، ئاوڕ بداتەوە لە کانســـێپتی "شـــوێن- کات". لە بەشـــی یەکەمی ئەم تێکستەدا، شێرکۆ بێکەس لەگەڵ سێ شاعیری کلاسیکی مەنفادا (نالی، حاجی قادری کۆیی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی) خۆی هاوتا دەکات و وەکوو "دانتێ" شاعیری تووسکانی، لە ســـەفەرێکی خەیاڵیدا لە دۆزەخی مەنفاوە دەگەڕێتەوە بۆ مەنفای دۆزەخ. ســـەفەرێکی "دانتێ"ئاســا لە مەنفاوە بۆ ســـەرزەمینێکی دۆزخییانە، کە هەموو شـــت و دیاردەکان تیایدا کوژراوە. قاقڕستان و کاولستانێ، کە تەواوی جومگەکانی یەکپارچە بۆتە دۆزەخ و شاعیر خۆی ئامادە دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو دۆزەخەی کە هەموو جومگەکانی خاپوور بووە و ئەم وەکوو شـاعیرێکی خاوەن کات، بە ئاگاییی دەروونی لە سێ حاڵەت و دۆخی زەمەن (ئێســـتا، ڕابوردوو، داهاتوو) ڕووداوە تراژیکەکان و کارەســـاتەکان لە مکانیســـمی خەیاڵدا هەڵدەگرێ و دەیبات بۆ مەنفاکەی نالی و خەونەکەی حاجی و ســـیروانەکەی مەولانا خالید. کانســـێپتی "شـــوێنکات" لە قەسـیدەی دەربەندی پەپوولەدا لە مانا و دەلالەتی ئاســایی خۆی دەترازێ و دەلالەت و مانای فەلســـەفی و فینۆمینۆلۆژییانە وەردەگرێت، بۆیە "شـــوێن" لە ئەزموونی مەنفای شـێرکۆدا چیتر بەشـێک نییە لە جوگرافیایەکی تایبەت، بەڵکوو بارگاوی دەکرێت بە مانایەکی فەلسەفی و لەگەڵ مێژوو لێکدەدرێت. (هەروەها کە شوێن و مێژوو لە ئەزموونی شـێرکۆدا هەمیشـە دوو دیاردەی لەیەکدی دانەبڕاو بوون.) شـێرکۆ بێکەس بە پێچەوانەی شـــاعیرانی کلاســیکی مەنفاوە، کاتێک لە مەنفاوە دەگەڕێتەوە بۆ نیشـــتمان، بۆ ســـەرزەمینێک دەگەڕێتەوە "هادســـەکان" پاســـەوانی دەرگاکانی دۆزەخن و هاوکات تەواوی دیاردە و سرووشت و مێژووی ئەو سەرزەمینە تیایدا سووتاوە.

(ئەم شەوە سوورانە "تارا"ن یان

بالیفی خوێناوی ژێر سەری کەژ و کۆ؟

ئەم هەموو دووکەڵە دووکەڵی یەک "مانگ"ی سووتاوە

یان مێژووی سەرزەمین هەر هەمووی پێکەوە ئەسووتێ؟)

دەربەندی پەپوولە .. لا 76

شاعیرلەم سەفەرەدا بە چەشنی دانتێ ئالیگیری بە تەنیا نییە و هەموو دیاردە و مرۆڤەکانی ئەو سەرزەمینەش ڕادەکێشێت بۆ ناو دۆزەخی مەنفا و لەگەڵ خۆی بەرەو مەنفایەکی دەستەجەمعییان دەبات. بەمەوە ئەزموونی مەنفای شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا مەنفایەکی فەردی نییە بەڵکوو مەنفایەکی دەستەجەمعییە و ڕەنگە ئەمەش وەک مەریوان وریا قانع دەڵێت: (لە خاڵە هەرە جیاوازەکانی ئەزموونی مەنفای شێرکۆ بێت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە پێوەندیی لەگەڵ ئەزموونی مەنفای نالی و حاجی قادر و مەولانا خالید لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزەهەم و کۆتاییەکانی هەمان سەدەدا.)

هەوڵی ئەم وتارە ئەوەیە بە خوێندنەوەی سێ تیۆری و بۆچوونی فەلسەفی، لە چەند گۆشەنیگایەکەوە ئەزموونی مەنفا و کانسێپتی "شوێن- کات" لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا بخوێنێتەوە.

یەکەم: تیۆری و بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەدمۆند هوسرل سەبارەت بە فینۆمینۆلۆژیای زەمەن.

دووهەم: تیۆری و بۆچوونەکانی ژاک دریدا سەبارەت بە بنەماکانی پاش پێکهاتەخوازی لە ڕووی تەعبیر و دەلالەت وماناوە.

سێیەم: بۆچوون و ڕوانگەی تایبەتی مارتین هایدگێر سەبارەت بە پرسی مێژوو و جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان دوو چەمکی "مێژوو و ڕووداوی مێژوویی" لە پێکهاتەی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژیادا.

دیسان لە چوارچێوەی باسەکاندا باس لە دوو پارادیمی فەلسەفەی پۆزیتیڤیستی و دیاردەناسانە لە پێوندی لەگەڵ خوێندنەوەی چەمکی کات هاتۆتە ئاراوە، کە ڕوانینی شاعیر بۆ کانسێپتی کات لە دەربەندی پەپوولە و ئەزموونەکانی پێش ئەم تێکستەدا ئاشکرا دەکات. هاوکات تێڕوانینی شاعیر سەبارەت بە پرسی مەنفا بە شێوەیەکی جیاکارانە و جیاواز و دەستنیشانکردنی خاڵە جیاوازەکانی پرسی مەنفا لای شاعیرانی کلاسیکی کورد لە سەدەی نۆزدهەم و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دەخاتە بەر باس.

وشـه سـەرەكییەكان: فینۆمینۆلۆژیا، ئۆنتۆلۆژیا، ئێگزیستانسیالیزم، شوێنكات، ڕووداوی مێژوویی، گێڕانەوەی كارەسات، دۆنادۆن، عیرفانی كابالایی و گنووسیانە، مەنفا.

"دانتێ ئالیگێری" (1265-1321) شـاعیری تووسـكانی لە كۆمێدی دۆزەخدا بۆ تێگەیشتن لە دۆزەخ و سرووشتی دۆزەخییان، خۆی ئامادە دەكات بۆ سەفەرێكی خەیاڵی بەرەو سەرزەمینەكانی دۆزەخ. دانتێ لەم گەشتەیدا بە هۆی نائاشنابوونی تەواوی بە سەرزەمینەكانی دۆزەخ، پەنا دەباتە بەر "ویرجیلیۆس" شـاعیری یۆنانی كەونارا، وەک ڕێبەر و لێزانێک، هاوڕێی بێت و لە دۆزەخ و ماناكانی دۆزەخ تێبیگەیەنێت. دانتێ ئالیگێری بە دڵەڕاكێ و ترسێكی ئێجگار زۆرەوە سەفەر دەكات بۆ ناو دۆزەخ، بۆیە بە تەنیا ناتوانێت ئەو سەفەرە سەختە دەست پێ بكات. چونكە ئاشنا نییە بە ڕێگاكانی دۆزەخ و سرووشتی دۆزەخییان. بۆیە كاتێک پێ دەخاتە نێو دۆزەخ و ئاشنا دەبێت بە سروشتی دۆزەخ و "هادس"ەكان، (كە پاسەوانی دەرگاكانی دۆزەخ و لە هەمان كاتدا جێبەجێكەری فەرمانی خوداكانی دۆزەخن.) دەڵێت: (ئێوەش كە دێنە ژوورەوە، دەست لە هەموو هیوایەک بشۆن) شێركۆیش بە هەمان شێوەی دانتێ ئالیگێری لە سەفەرێكی خەیاڵیدا و لە مەنفاوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینێكی دۆزەخییانە. سەرزەمینێكی ئەنفالی، سەرزەمینێک، كە هەموو دیاردەكانی كوژراوە، مێژوو و سرووشتی كوژراوە، شاعیر بۆ مێژوویەكی كوژراو دەگەڕێتەوە، نەوەكوو بۆ شوێن و جوگرافیایەكی تایبەت، (شێركۆ بە پێچەوانەی دانتێ، تەواو ئاشنایە بە سەرزەمینی دۆزەخ و سرووشتی دۆزەخییانەی ئەو سەرزەمینە. دانتێ بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دۆزەخ سەفەردەكات، بەڵام شێركۆ نەک هەر بە تێگەیشتنێكی تەواوەوە بەڵكوو بە عەشقێكی "برایمۆكانە"وە دەگەڕێتەوە بۆ ناو دۆزەخی نیشتمان و سەرزەمینی دۆزخییان.) بۆیە من پێم وایە خاڵی هەرە جیاوازی نێوان ئەم دوو شاعیرە ئەوەیە، دانتێ بە هۆی تێنەگەیشتن و نائاشنابوون لە سەرزەمینەكانی دۆزەخ و بە ترس و دڵەڕاوكێیەكی ئێجگار زۆرەوە سەفەر دەكات، بەڵام شێركۆ بە ئەشقێكی برایمۆكانەوە بۆ سەرزەمینەكانی دۆزەخ دەگەڕێتەوە. چونكە شێركۆ بە تەواوەتی ئاشنایە بە هەموو دیارەدەكانی ناو دۆزەخ و سرووشتی دۆزەخییان. (لە نێوان ئەزموونی مەنفای شێركۆ بێكەس و ئەزموونی مەنفای "دانتێ ئالیگێری"دا، وێكچوونێكی فینۆمینۆلۆژییانەی گشتیی بوونی هەیە، وەک چۆن لە نێوان ئەزموونی مەنفای شێركۆ و ئەزموونی مەنفای نالی و حاجی قادر و مەولانا خالید، هەمان وێكچۆنی فینۆمینۆلۆژییانەش بوونی هەیە) لە هەر دوو بەشی ئەزموونی مەنفادا و لە حاڵەتی ئێگزیستانسیالی خودی مەنفادا، سزایەكی

سەخت و کوشندە لە پێوەندیی لەگەڵ کەسی مەنفیدا بوونی هەیە. ئەم حاڵەتی سزادانەی مەنفا بەتەواوی هۆکارەکانییەوە لە پێوەندیی لەگەڵ تەواوی کەسە مەنفییەکاندا (چ ئەو مەنفییەی کە بە ڕاوەدوونان و زۆرەملی و بەهۆی سەرپێچی لە دەسەڵات و سیستەم و گوشاری سیاسی نەفی کراوە و دوور خراوەتەوە، وەکوو (دانتێ و شێرکۆ) چ ئەو مەنفیەش کە بە خوازیاری خۆی و بە هۆکاری تر دوورکەوتۆتەوە لە نیشتمانی خۆی، وەکوو (نالی و حاجی قادر و مەولانا خالید) بوونی هەیە. ئەم حاڵەتە بە نیسبەت هەموو مەنفییەکانەوە، لە یەکەم مرۆڤی مەنفییەوە کە "ئادەم و حەوا"یە تاکوو مەنفای زۆرێک لە پێغەمبەرەکانی دوای ئادەمیش، بە تایبەت پێغەمبەر مووسا کە هەموو خەڵکەکەی لەگەڵ خۆی بەرەو مەنفا برد و تاکوو مەنفای "دانتێ" و شێرکۆ بێکەسیش) وێکچوونێکی فینۆمینۆلۆژییان پێکەوە هەیە. ئەڵبەت با ئەوەش بڵێم ئەزموونی مەنفای شێرکۆ بێکەس بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە لە ئەزموونی مەنفای "مووسا"وە نزیکترە، چونکە شێرکۆیش بە هەمان شێوەی مووسای پێغەمبەر کاتێک ناتوانێت فیزیایی بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی هەموو سەرزمینەکەی لەگەڵ خۆی بەرەو مەنفا دەبات، ئەڵبەت ئەمە تەنیا لە ڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە وەهایە، ئەگەر نا ئەزموونی مەنفای هەر مەنفییەک بەپێی شوێن و سەردەمی تایبەت بە خۆی، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازە، بۆ نموونە (جیاوازیی ئەزموونی مەنفای شێرکۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کە هۆکاری سیاسی لە پشتە، لە ئەزموونی مەنفای نالی و حاجی قادر و مەولانا خالید کە هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە پشتەوەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و کۆتاییەکانی هەمان سەدەدا خاڵێکی بەدیار و بەرچاوە) بڕوانە وتارێکی مەریوان وریا قانێع (مەنفای کوردی لە نێوان سێ نەوە و سێ ئەزموونی مانای جیاوازدا) ڕەهەند. ژمارە. 13/12

(چ گەردەلوولێکی سەوزە و چ ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە وا

لەم کۆتایی ئەم دنیایەوە بە پڕتاو دێ و هەڵم ئەگرێ و ئەمفڕێنێ و

دوور دوور ئەمبات بەرەو هۆبەی ئارانی تۆ.)

چ کڕێوەی حیکایەتێ بەم ناوەختە و

لە ئاویلکەی ئەم ڕۆژەدا

وەک عەشقەکەی "برایمۆک" پێدەشت پێدەشت و کۆ بە کۆ

ئەمخاتە ڕێ بەرەو لای تۆ

سەفەرە، سەفەرە، سەفەر.

سەفەری ئازاری زگماک و سەفەری درەختی بێ داڵدە وبێریتەی زامانی گەڕێدە و

تەدارەک ڕێک یەخەم!

دەربەندی پەپوولە... ل. 3-4

لەم سەفەرە دۆزخییەدا شاعیر وەکوو دانتێ بە تەنیا نییە و خۆی هاوتا دەکات لەگەڵ حەزرەتی غەریبان و سێ شاعیری کەڵەگەتی مەنفا. شێرکۆ بۆ ئەم سەفەرە دۆزەخییە تەدارەکی خۆی ڕێک دەخات. لە چی؟ (لە ئەسپی کەڵە سەرگڕگرتووی ڕەوەند و لە جوانووی خەمە بزێوە سپییەکان و لە تەختی کەژاوەی زریکە و فەریادی فریشتە ڕەندەکان و لە تارای شیعری خۆی) تەدارەک ڕێک دەخات. شاعیر نە تەنیا ئامادەیە بۆ وەها سەفەرێکی سەخت و دژوار تەدارەک ڕێک بخات، بەڵکوو ئامادەشە ئەو سەرزەمینە دۆزەخییە بگێڕێتەوە بۆ سەروەرانی مەنفا. ئامادەیە باسی کوشتنەکانیان بۆ بکات، کوشتنی مێژوو و سرووشت و هەموو دیاردەکانی سەرزەمین. شاعیر کاتێک دەڕوات بۆ بینینی پیری موغان و سەروەری غەریبان، دووکەڵی زامانی دوو سەدە و ئەلبۆمی ڕەنگینی ئازار و ژان و سوێی قرچان و سووتان و زریکەی بۆ دەبات. رۆژنامەی ڕەشەبای خوێناویی پڕ لە کارەساتی بۆ دەبات.

(من کە چووم، بە نیازم لەگەڵ خۆم لە سنگما

ڕۆژنامەی ڕەشەبای خوێناویی دوو سەدەی کێوانی بۆ بەرم

یادداشتی دووکەڵی زامانی دوو سەدەی پێ دەشت و بناری بۆ بەرم

بە نیازم ئەلبۆمی ڕەنگینی ئازار و ژان و سوێی قرچان و سووتان و

زریکەی ئاو، گڵ، دار، بەرد، شار، گوند، ئاژەڵ و باڵدار و بێ باڵی

دوو سەدەی بۆ بەرم

بە نیازم وەختێ چووم لە گەڵ خۆم لە چاوما

بە تایبەت ئاسمانی خنکاوی " هەڵەبجەی" بۆ بەرم. )

" دەربەندی پەپوولە" ل. 189.

شوێن لەم تێکستە شیعرییەدا چیتر شوێنێکی ئاسایی نییە، هەروەها بەشێک نییە لە جوگرافیایەکی تایبەت، شوێن لێرەدا، وێرانەیەکی جوگرافی و مێژوویی و ئێگزیستانسیالە، سەرزەمینێکی بەرینە هەموو شتەکان تیایدا کوژراوە، شوێن مێژوویەکی کوژراوە، سرووشتێکی کوژراوە بە هەموو جومگەکانییەوە. بۆیە لێرەدا شاعیر بە ئاگایی دەروونی لە کانسێپتی شوێن- کات بۆ خۆی دەبێت بە مرۆڤێکی "خاوەن شوێن"یش.

**"فینۆمینۆلۆژیای هوسرڵ و ئۆنتۆلۆژیای هایدەگەر"**

**خوێندنەوەیەک بۆ دوو چەمکی "شوێن- کات"**

فینۆمینۆلۆژیا چییە و ڕوانینی دیاردەناسانە بۆ چەمک و بابەتەکان لای فینۆمینۆلۆژیستەکان چۆناوچۆنە؟

فینۆمینۆلۆژیا بزووتنەوەیەکی فەلسەفی زۆر گرنگ بوو کە لە (Phenomenology)

سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانیا درووست بوو. بەڵام زۆر خێرا بە تەواوی دنیادا بڵاو بووەوە و گەشەی سەند. فینۆمینۆلۆژیا لە وشەیەکی یۆنانی بە ناوی (فەینامەینان) بە مانای "دەرکەوتن" هاتووە. فینۆمینۆلۆژیا هەوڵ دەدات ئەزموونی تایبەتی مرۆڤەکان (بە مەبەستی خۆ دەرخستنی ئۆبژەکان و چۆن خۆ دەرخستنیان بۆ ئێمە و ئەوەی کە زەینی ئاگای ئێمە چۆن چۆنی ئەو حاڵەتانە لە خۆیدا تۆمار دەکات) بخوێنێتەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکات. فەلسەفەی دیاردەناسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و لە لایەن "ئەدمۆند هوسرڵ"ەوە پێکهات و دواتر خوێندنەوەی چەمک و دیاردەکان بە ئایدیای فنۆمینۆلۆژیانە لە لایەن چەند بیرمەندێکی ترەوە پەرەی پێدرا و گەشەی سەند و گواسترایەوە بۆ نێو

زانسـتەکانی تر، بە تایبەت بۆ ناو جیهانی هونەر و ئەدەبیاتی مودێرن. هەندێک لە نووسەرانی مودێرنی ئەدەبی جیهانیی وەکوو (جیمز جۆیس و مارسل پرۆست و تۆماس مان و ویرجینیاوولف و زۆر نووسەری تر لە نووسینەکانیاندا بە شێوەیەکی زۆر باش کەڵکیان لێ وەگرت. بەرچاوترین ئەو بیرمەندانەی کە بە شێوەیەکی قووڵ و شێلگیرانە کاریان لە سەر فینۆمینۆلۆژیای هوسرڵ کرد، خوێندکارەکەی خودی هوسرڵ واتە "مارتین هایدەگەر" بوو، هایدەگەر لەگەڵ ڕەخنە توندەکانی لە هوسرڵ وەکوو بیرمەندێکی شێلگیر و قووڵ بە جیدییەتێکی زۆرەوە سەرقاڵی ئایدیای فینۆمینۆلۆژیا بوو. دواتر لە سەر بنەمای بۆچوونە فەلسەفییەکانی هوسرڵ ئایدیای فینۆمینۆلۆژیای بەرەو ئاقارێکی نوێتر برد، کە لە ئەنجامدا "فینۆمینۆلۆژیای ئێگزیستانسیال"ی لێکەوتەوە. (هایدەگەر پێی وایە فینۆمینۆلۆژیا توانای تێگەیشتنی ژیانی ڕەسەن و واقعی هەیە. بڕوانە... باسێک سەبارەت بە فنۆمینۆلۆژیا لە کتێبی(هایدەگەر و پرسیاری بنەمایی)دا. بابەک ئەحمەدی. ل. 183.

هوسرڵ لە شیکاری و لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە دیاردەی "زەمەن" کات" وەکوو بوونێکی دەرەکی و ئۆبژەکتیڤ رەت کردەوە و بە پارادیمێکی دیاردەناسانەوە ئاوڕی دایەوە لەم کانسێپتە. دواتر هایدەگەر (لە گەڵ ئەوەی کە بە توندی ڕەخنەی ئاراستەی هوسرڵ کرد و پێی وابوو خوێندنەوەکانی هوسرڵ لە دیاردەناسی "زەمەن" شوێنکەوتەی دەیتای زانستی و دەروونناسانەیە) بەڵام لە ئەنجامدا هەمان ڕێچکەی دیاردەناسانەی هوسرڵی بۆ خوێندنەوەی چەمکی "کات" پەیڕەو کرد، ئەڵبەت خوێندنەوەی هایدەگەر لە "شوێن- کات" زیاتر لەسە بنەمای فەلسەفەی بوونناسانە و ئۆنتولۆژیکە تاکوو فینۆمینۆلۆژیا. بە گشتیی پرسی "کات" لە مێژووی فەلسەفەدا گرنگی تایبەت بە خۆی هەبووە و ئێمە هیچ سەردەمێکی گرنگی مێژووی فەلسەفە نابینین کە تیایدا پرسی "شوێن – کات" پرسێکی جیدی و گرنگ نەبووبێت و بیرمەندان ئاوڕیان لەم بابەتە نەدابێتەوە، بۆیە هایدەگەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "بوون و کات" دەنووسێت: ڕەگی تەواوی بوونناسی لە ناو "زەمەن"دایە) بەدەر لە فەلسەفە، کە هەمیشە "کات" بەردەوام پرسێکی گرنگ و جیدیی بووە بۆی، "کات" لە هونەر و ئەدەبی مودێرنیشدا بەردەوام پرسێکی جیدی و سەنتراڵ بووە و هەندێک لە نووسەرانی گەورەی ئەدەبی جیهانی وەکوو (پرۆست لە ڕۆمانی "گەڕان بە دوای زەمەنی لە دەستچوودا"، جیمز جۆیس لە ڕۆمانی "ئۆلیس" و تۆماس مان لە ڕۆمانی "کێوی جادوو" و ویرجینیا وۆڵف لە ڕۆمانی "خانمی دالووی" و بەشێک لە شانۆنامەکانی "سامۆئل بێکت و هاوکات لە بەستێنی سینەماشدا چەند فلیمێکی سینەماکاری

ڕووسـیا "ئاندرێ تاراکۆفسـکی" (کە فیلمەکانی وەکوو پەیکەر سـازکردن لە زەمەن ناو دەبرد) گرنگییەکی تایبەتیان داوە بە پرسـی "کات". لە پانتاییی ئەدەبی جیهانی و جیهانی ئەدبیاتە بچووکەکانیشـدا پێموایە ئەدەبی کوردی کەمتر بە ئایدیای فینۆمینۆلۆژیانە ئاوڕی داوەتەوە لە پرسـی "کات" وەکوو توخمی زاڵ. بەڵام لەم نێوانەدا تێکسـتی "دەربەندی پەپوولە"ی شـێرکۆ بێکەس لەم حاڵەتە دەترازێ و پرسـی "زەمەن" لەم تێکسـتە ئەدەبییەدا دەبێتە توخمی زاڵ و بابەت و موتیڤەکان تری ناو جیهانی دەق بە دەوری ئەم توخمەدا دەسـووڕێنەوە. شـێرکۆ بێکەس لە تەواوی ئەزموونە شـیعرییەکانیدا بەردەوام بووە بە کارکردن بە چوار پرس و بابەتی سـەرەکیی (سـرووشـت، مێژوو، شـوێن- کات) بەڵام لە دەربەندی پەپوولـەدا، بە جۆرێکی تر و بە ڕوانینێکی قووڵ و ئاگایییەکی دەروونییەوە لەگەڵ ئەم دیاردانەدا هەڵسووکەت دەکات، بۆیە سرووشت و دیاردەکانی ناو سرووشت لە قەسـیدەی دەربەندی پەپوولەدا، هەمان سـرووشـتی ناو جیهانی "تریفەی هەڵبەسـت و کەشـکۆڵی پێشـمەرگە و ئاوێنە بچکۆلەکان و پاییزە میوان و بۆننامە و ڕەنگدان" نییە، تەواوی دیاردەکانی ناو دەربەندی پەپوولە دەبن بە ڕووداوی کارەسـات ئامێز و ئێسـتای شاعیر دەبەنەوە بۆ ناو کارەساتەکان و ڕووداوە تراژیکەکان. هاوکات فەزایەکی کارتێکەر بۆ ئێسـتای شـاعیر دروسـت دەکەن، کە بە تەواوەتی زەین و هزری شـاعیر داگیر دەکات، بۆیە گێڕانەوەی کارەسـاتەکان لە دەربەندی پەپوولەدا بۆ شـێرکۆی شـاعیر ڕابوردوو نییە، بەڵکوو ئەو فەزا دۆزخی و ترسـناکەیە کە شـاعیر بە شـێوەی ئێگزیسـتانسـیال هێشـتا تێیدا دەژی.

( ئێوارە.. دوای بانگی برینتان من ئەگەم.. ئێوارە.

ئێوارە... دوای شێوەی گریاوتان لاتانم... ئێوارە

کە هاتم مۆمێکم لە قوڵەی حەزرەتی نالیی دا بۆ هەڵکەن

با ملی دارێ بێ یان پەنجەی نێرگزێ یان قژی وەنەوشە

زامێکم لە دوندی " کەکۆن" ی " حاجی" دا بۆ پێکەن

با سەری بڕاوی شێعرێ بێ یان مەمکی " وەسانان" یان باڵای هەڵەبجە. )

دەربەندی پەپوولە.. ل..7/ 8

شـــاعیر لە بەشـــی یەكەمی دەربەندی پەپوولەدا لە دۆخێكی زەمەنی تایبەتدا جێگیر دەبێ و ســـەرزەمینێكی دۆزەخییانە دەگێڕێتەوە، دۆزەخی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە، كوژرانی مێژوو و سرووشت و هەموو دیاردەكانی ناو سرووشت دەگێڕێتەوە، دیارە ئەم ڕووداوە دۆزەخییانە پێشـــتر و لە ڕابوردوودا ڕوویداوە و شـــاعیر لە دەقی خۆیدا ڕەوایەتی دەكات، بەڵام لە جیهانی ژینراوی شـــاعیردا ئەم ڕابوردووە نە تێپەڕ بووە و نە تەواویش بووە. بۆیە كاریگەریی فەزای ڕابوردوو لە سەر ئێستای شاعیر بە ڕادەیەكە شاعیر ئێستای خۆی لە هەمان فەزای ڕابوردوودا دەبینێتەوە. بەو مانا ڕابوردوو فەزایەكە شـــاعیر هێشـــتا تێیدا دەژی. بەمەوە شـــاعیر ڕابوردوو بە درێژكراوەی ئێســـتا دەزانێت، نەک بە دیاردەیەكی تێپەڕبوو و تەواو بوو، لە گێرانەوەی فەزای دۆزەخییانە و ڕووداوە ترســـناكەكانی ناو دۆزەخدا، ڕابوردوو دێتەوە ناو ئێســـتای شـــاعیر، بۆیە ڕابوردوو بۆ شـــاعیری دەربەندی پەپوولە تەنیا بابەتێكی پەتی مێژوویی نییە كە تێپەڕ بووبێت و لە دەقدا بگێڕدرێتەوە، بەڵكوو ڕابوردوو تەواوی ئێستای شاعیر دەتەنێتەوە. ئەمەش هەمان ئایدیای دیاردەناسانە و ئۆنتۆلۆژیكە لە كانسێپتی زەمەن.

( تاكوو دێم ئەو "مانگ"ە زەردانە مەنێژن

بوەستن! هەتاكوو تریفەی غەریبیی خۆم دێنم ڕاوەستن!

هەتاكوو ئەگەم و خەرمانەی هەڵبەستم ئەكەمە پشتێنی ناو قەدیان

خۆزگەمە بۆ دواجار / دەست كەمە قەڵبەزەی گەردنی هەموویان

یەک بە یەک خەمانیان ڕاژەنم/ یەک بە یەک بە بەژنی دار لیمۆی ژەهراویی

مارتیاندا هەڵزنێم/ یەک بە یەک سەر خەمە ناو سنگ و بەرۆكی بەفرینیان

یەک بە یەک كڕنووشیان بۆ بەرم/ یەک بە یەک فوو بكەم بە كونی زامیاندا و

شمشاڵی باڵایان لێ بدەم. حەیران... حەیرانە...

دەربەندی پەپوولە.. ل: 12

**فینۆمینۆلۆژیای گێڕانەوەی ئەزموونەكانی مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا**

لە بەشـــی دووەمی قەســـیدەی دەربەندی پەپوولەدا شـــاعیر دیســـان بە هەمان ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژیانەوە ئەزموونی مەنفا و غوربەت بە گشـــتی و بە تایبەت ئەزموونی مەنفای خۆی و شـــاعیرانی ئەدبی کلاســـیکی کورد دەگێڕێتەوە، شـــاعیر هەوڵیداوە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە ئەزموونی مەنفای خۆی و شـاعیرانی پێش خۆی لە سێ سـەفەری خەیاڵی و ســێ گەڕاندنەوەی تایبەت لە مەنفاوە بۆ زێد و نیشـــتمان بگێڕێتەوە، دوو ســـەفەری ئەم گەڕاندنەوەیە لە مەنفاوە بۆ نیشـــتمان لە ســـەدەی نۆزدەیەم و گەڕاندنەوەی ســـێیەمیش لە کۆتاییەکانی سـەدەی بیستەمدایە، لە گەڵ خاڵە هاوبەشـەکانی هەر سێ ئەزموونی مەنفا لە سێ زەمەنی جیاوازدا، هەر سێ قەسیدەکە لە ئاستێکی گشتی و فنۆمینۆلۆژیادا لە یەکدی دەچن و ســـەر بە هەمان مێژووی درێژی مەنفان کە لە ئوســـتوورەی مەنفای "ئادەم و حەوا"وە بۆ سـەر زەمین و هەروەها لە ئوسـتوورەی مەنفای خوداکانی یۆنانەوە دسـت پێ دەکا و تاکوو ســـەر خۆیان درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ ئەم خاڵە هاوبەشـــانەشـــدا، هەرکام لەم ئەزموونانە بە شـــێوەی تایبەتی خۆی باس لە ســـەفەرێکی خەیاڵی و گەڕاندنەوە دەکات لە مەنفاوە بۆ شـــوێنی ســـەردەمی منداڵی و یادەوەرییەکان و ڕابوردوو. بەڵام گێڕانەوەی ئەم ســـەفەرە خەیاڵییە و ئەم گەڕاندنەوەیە لە مەنفاوە بۆ نیشـــتمان لای شـــێرکۆ بێکەس، گێڕانەوەیەکی تایبەت و ئۆنتۆلۆژیکە لە دیاردەی مەنفا، بۆیە لە دەربەندی پەپوولەدا سەفەر لە مەنفاوە بۆ ســـەرزمینێکی وێران و نیشـــتمانێکی دۆزەخ ئاســـا لە ســـاتەوەختێکی مەرگئامێزەوە دەســـت پێ دەکات کە هەموو شـــتەکان و دیاردەکان تیایدا لە نێوان مردن و ژیاندا لە بێدەنگییەکی ترســـناک و ئەبەدیدا نوقم دەبن. (ســـەفەر لەم تێکســـتە شـــیعرییەدا سـەفەری ڕۆحێکە لە پێشـدا دەبێت زیندوو بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ناو جیهانی بوون، دواتر بگەڕێتەوە بۆ سەرزمینێکی واقعی کە مێژووەکەی کوژراوە، سەرزمینێکی دۆزەخئاسا کە ســـرووشـــت و هەموو جومگەکانی ناو ســـرووشـــتەکەی کوژراوە، دواتر لە ناو ئەم سـەرزەمینەدا بە دوای کەرت و پارچە جیاوازەکانی یادەوەری خۆی و مێژووی کوژراویدا بگەڕێت، دیارە هۆکاری مەیســـەرکردنی ئەم ســـەفەرە خەیاڵییە و ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ ســـەرزمینی کوژراو، عەشـــقێکی براێمۆکانەیە کە ئەمیش لە بنەمادا بۆ خۆی ئەزموونێکی عاشقانەی مەیلەو مەرگە.)

ئامادەگی مەرگ لە قەسـیدەی "دەربەندی پەپوولەدا" ئامادەگییەکی هەمیشـە ئامادەیە و لە دەسـپێکەوە تا کۆتایی، دەقەکە دەباتە پێشـەوە. وەک هایدەگەر دەڵێت: مەرگ دوا ئیمکانێکە کۆتایی بە تەواوی ئیمکانەکانەکانی دازاین دەهێنێت و تەواوی ئیمکانەکانی دازاین قفڵ

دەکات. ڕوانینی شاعیر بۆ مەرگ وەکوو دیاردەیەکی پێش وەختە ئامادە لە سەدەی بیستەمدا و هاوکات دوا ئیمکانێ کە هەموو ئیمکانەکان تری مرۆڤ قفڵ دەکات و کۆتایی پێ دەهێنێت، ڕوانینێکی ئۆنتۆلۆژیکە بۆ دیاردەی مەرگ. بەڵام خاڵێکی هەرە جیاواز و بەدیار لە نێوان هێز و توانستی هونەری و داهێنەرێتیدا لەگەڵ ڕوانینی فەلسەفی بۆ جیهانی بوون و دیاردەکانی زەمەن، ئەوەیە کە هونەر و ئەدەب و داهێنەرێتی هونەری، بە هۆی توانستە هێزەکییەکانی خەیاڵەوە زۆر جار لە فەلسەفە و ڕوانگە فەلسەفییەکان بەرزترە، نموونەی ئەمەش هەمان بۆچوونی فەلسەفی بوونناسانەی هایدەگەرە لە پێوەندیی لەگەڵ دیاردەی مەرگدا. شاعیر لە دەسپێکی تێکستەکەیدا و لە ساتەوەختی گێڕانەوەی دۆزەخی نیشتماندا، بە بۆچوونێکی ئۆنتۆلۆژیکەوە ئاوڕ لە مەرگ دەداتەوە (وەکوو دوا ئیمکانێک کە هەموو ئیمکانەکانی مرۆڤ قفڵ دەکات و کۆتایی بە هەموو ئیمکانەکانی مرۆڤ دەهێنێت).

( ئەمانە باڵی وەریوی پەریەکانن یان کۆترەکان؟

ئەی ئەمانە گلێنەمن یان دنکە زەیتوون و ترێ؟

نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر جیاوەکەم؟

نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر

نازانم ئەز چۆنیان

نازانم ئەز.. )

دەربەندی پەپەوولە .. ل 39

شاعیر لەم پاراگرافەدا باس لە کارەساتێکی تراژیک دەکا و مەرگ دەگێڕێتەوە، مەرگ وەکوو دوا ئیمکانێ کە کۆتایی بە هەموو ئیمکانەکانیتر هێناوە و هەموو شتێک تیایدا بۆتە سووتوو و خۆڵەمێش. لە ساتەوەختی بینینی ڕووداوە تراژیکەکاندا شاعیر بەڕادەیەک شپرز و سەرسام دەبێت ناتوانێت شتەکان لە یەکدی جیابکاتەوە. بۆیە بەردەوام پرسیاری گوماناوی دەکا لە بوونی شتەکان و لەوەش گرنگتر پرسیاری چۆن جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتر دەکات. بەڵام دواتر و لە چەند پاژێتردا لەم بۆچوونە فەلسەفییە ئۆنتۆلۆژیکەش

لادەدا و باس لە مەرگێک دەکات کە ئەبەدی نییە و شــتەکان تیایدا دیســان زیندوو دەبنەوە. شــاعیر ئەمجار لە ڕوانگەی هەندێک لە بیرمەندانی فەلســەفەی ئێگزیســتانســیالیســت و بە تـایبـەت بۆچوونـەکـانی "ســـورن کێرکـەگۆرد" و (پرســـیـار لـە مـانـای ژیـان و بـاوەڕ بـە زیندووبوونەوەی پاش مەرگ) و تا ڕادەیەکیش فەلســـــەفەی (وەحدەتی وجوود) ی ئیبنوو عەرەبی و باوەڕ بە دۆنادۆنی ئایینی یارســـــان،) ئاوڕ لە دیاردەی مەرگ دەداتەوە، بۆیە دەبینین مەرگ لە هەندێ شوێنی دەربەندی پەپوولەدا مەرگێکی ئەبەدی نییە و هەموو شتە کوژراوەکان توانای ئەوەیان هەیە دیسان زیندوو ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ناو ژیان و خۆیان ڕەوایەت بکەن.

( - هەڵەبجەی " حەللاج"م چیت بینی؟!

لەم بەری کەناری گیانمەوە بەهاری ڕمووزن.

گوڵی دڕ/ خۆری کوێر/ بەفری ڕەش / بای خنکاو/ ڕووباری زۆر زبر.

بارانی وشک و ڕەق/ گری سارد/ خوێنی زەرد/ هاژەی کەڕ/ گرمەی لاڵ. چیم بینی؟

کۆتری ڕەق/ گەدری هەق / تاوانی فەریشتە / منارەی جەردە و دز.

ئەی لەو بەر کەناری گیانتەوە؟!

بڵێسەی خۆڵەمێش/ شۆڕشی مردووەکان/ لافاویی وشکانیی/ هاواری بێ دەنگیی

پرشنگی تاریکیی / هیوای نائومێدیی/ سەوزایی تینۆیەتی / تێرێتی برسێتی و

فڕینی کێوانم من بینی!)

دەربەندی پەپوولە .. ل.. 114

ڕوانینی شــاعیر بۆ دیاردەی مەرگ لەم پاراگرافەدا، ڕوانینێکی ئەفلاتوونی و تا ڕادەیەک دۆنادۆنییە. شــاعیر توانا دەدات بە هەموو شــت و دیاردە کوژراوەکان بۆ ئەوەی جارێکیتر مـەســـیح ئـاســـا زینـدوو ببنـەوە و خۆیـان بگێڕنـەوە، شـــاعیر هەموو دیاردە لێکدژ و پارادۆکســـەکان بە فۆرمێکی پاش پێکهاتەخوازانە و( بە گەڕانەوە بۆ عیرفانی گنۆســـیی و کابالایی) لە تەنیشــت یەکدی ڕیز دەکات و ڕۆح دەکاتەوە بە بەریاندا و زیندوویان دەکاتەوە

بۆ ئەوەی باسی چۆن کوشتنی خۆیان بکەن و مەرگی خۆیان بگێرنەوە. لێرەدا ئەزموونی مەرگ ئەزموونێکی دۆنادۆنییە و ئەوەی دەکوژرێت دواتر بە هێزێکی گەورەترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیان، ئەوەش ئەم گەڕاندنەوەیە فەراهەم دەکات ئیرادەیەکی تراژیکە کە لە شیعردا بەرجەستەیە و لەم تێکستەدا، شاعیرێک لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دێت و مەنفییە گەورەکانی مێژووی کورد و تەواوی دیاردە کوژراوەکانی ناو ئەم مێژووە بە خودی مێژووشەوە یەک بە یەک زیندوو دەکاتەوە و جارێکی تر دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ناو ژیان. بۆیە ئاستێکی تری مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا لە ڕووی وجوودییەوە ئاستی زیندوو کردنەوەی دیاردە کوژراوەکان و ئینسانە مردووەکانە و سەر لە نوێ بەخشینەوەی ژیانە پێیان. ئەمەش دیسان بەرجەستەکردنەوەی دوو ئاستی ناکۆکی مەنفایە لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا. ئاستێکی دۆزەخییانەی مەنفا کە بەرهەمی هەڵهاتن و ڕاوەدونانە و کەسی مەنفی تووشی تەنیایی دژوار و غوربەتی کوشندە و هەست بە ئازاری ڕۆحیی و دەروونی دەکات، ئاستێکی تری مەنفا کە لە گەڕاندنەوە و هاتنەوەی کەسی مەنفی بۆ نیشتمان و هەستانەوە و زیندوو بوونەوەی دیاردە کوژراوەکان و سەر لە نوێ بەخشینەوەی ژیانە پێیان.

بۆیە پێموایە، ئەمە خاڵی هەرە جیاوازی ئەزموونی مەنفا بێت لە نێوان شێرکۆ بێکەس و نالی و حاجی قادر دا، ئەزموونی مەنفا لای - نالی و حاجی قادر- لە نووستنی بەخت و نائارامیی و بێئۆقرەییەوە دەستپێدەکات، لە حاڵێکدا لای شێرکۆ بێکەس ئەم ئەزموونە لە مەرگ و زیندوو بوونەوەوە دەستپێدەکات. ئەمەش درخەری جیاوازیی ئەو پێکهاتە و وەزعیەتە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێمەیە لە نیوەی دووەم و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم. (ئەزموونی مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا لە زۆر ڕووەوە، چەند هەڵاتنە لە مەرگێکی فیزیایی و چەند دەرئەنجامی ڕاکردنە لە هەڕەشەکانی مەرگ لە نیشتماندا، بە هەمانئەندازەش ڕاکردنە بەرەو مەرگێکی مەعنەوی لە ناو جیهانێکدا کە شوێنێکی بۆ پێکەوەبوونی مێژووی شێرکۆ و ئەوانیدەکەی تێدا نەماوەتەوە، بۆیە مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا شوێنی تەنیا کەوتنێکی ڕەهایە و لە زۆر ڕووەوە لە گۆڕستان دەچێت، وەکچۆن گەڕانەوەش بۆ نیشتمان تا ڕادەیەکی زۆر گەڕانەوەیە بەرەو گۆڕستان.) .. مەریوان وریا قانیع. ڕەهەند ژ.13/12 ساڵی 2001 . ل. 105.

ئاماژەیەکی پێویست:

ئەم وتارە کورتکراوەی وتارێکی درێژترە لە ژێر ناو "خوێندنەوەی " شـــوێن – کات" لە قەسیدەی" دەربەندی پەپوولە" ی شێرکۆبێکەسدا، لە ڕوانگەی فەلسەفەی فنۆمینۆلۆژیاوە.